# زووحەیاتەین

دوکتور عەلی گەلاویژ(ئاگری) 1301(1922) – 1367(1988)

یەکێک بوو یەکێک نەبوو، لە رۆژگاری زوو
لە ناو دۆڵێکا تاقە چۆمێک بوو
سەری لە کێوان، بنی لە بەحرا
بنی لە ئاوا و سەری لە بەفرا
لە هەر شیواوێ تێی دەهات ئاوێ
بەشی وەردەگرت لە هەر دەراوێ
چۆمەکە پڕ بوو لە دەعبای ئاوی
هێندێ ماسی بوون، هێندێ مراوی
هێندێکی ڕەقە و هێندێکی قرژاڵ
بەعزێکیش مار بوون لەوانی خوێنتاڵ
ڕۆژێک لە ڕۆژان جەنگەی نەوبەهار
لەسەر ئاسۆگان هەورێ کەوتە دیار
بایەک هەڵیکرد، دنیا دالەرزی
مەچەکیان پێکا ئاسمان و عەرزی
برووسکە، هەوری دا بەر تازیانە
لە دیدەی گەردوون باری بارانە

دایدا شڵێوە لە لووتکەی کێوان
بەفران تاوانەو تا بانگی شێوان
تۆفانێک هەستا دنیای گرتە بەر
چۆم زیادی کرد و کەوتە دەشت و دەر
لە بەستێن دەرچوو، هاتە ڕاستایی
لە باڵای وشتر دەرچوو قووڵایی
لە هاڕەی سێڵاو گوێی گەردوون کەڕ بوو
لە قاتی عەرزا گاڕەشیش تەڕ بوو
چەند ڕۆژێ ڕابورد، تۆفان دوایی هات
سێڵاو تەواو بوو و ئاو ویشکایی هات
کەم کەم دامرکا چۆمی کەفچڕێن
دەشتی بەجێهێشت هاتەو بۆ بەستێن
قالبی خۆی گرتەو وەک جاری جاران
نە هاژەی ئاو ما و نە گرمەی تۆفان
بەڵام لە تۆفان بە وێنەی دیاری
چەند نیشانەیێک ما بە یادگاری
یەکێک لەمانە چەند گۆلاوێک بوو
لە دەشتا مابوون یەک و دوو دوو
چەند گۆلاوێکی لێک جیاواز و دوور
لە هەر یەکیانا هێندێ ئاوی سوور

بەڵام ئەمانەش وشکەو بوون یەک یەک
ڕەمزی مانی وی لەم بەردەدا بوو:
وەک چادر لە بان سەری وەستابوو
نەیدەهێشت خۆری نیوەڕۆی تێبێ
ببێ بە هەڵم و بۆ ئاسمان هەڵچێ
ڕەمزێکی تریش ڕەبتی نهێنی
گۆلاو و چۆم بوو لە ژێر بەستێنی:
هەرچەند لەسەر عەرز گۆل لە چۆم جیا بوو
لە بن زیخانەو بەوەو نووسابوو
هەر لە چۆمەوە ئاوی تێدەزا
لێی بێ دەستەڵات قەدەر هەم قەزا
بەینێکیش ڕابرد ئیتر دەم بە دەم
لێڵەی ئەم گۆلەش نیشتەوە کەم کەم
ڕوون بۆوە ئاوی وەک شووشەی بلوور
نەما لە نێویا قوڕی بۆر و سوور
ئەمجا وەدەر کەوت لەم نێو گۆلاوە
دەستەیەک ماسی و قرژاڵێک ماوە
کە چۆم نیشتبۆوە وای لێ ڕوو دابوون
لەم گۆلاوە دا لە چۆم جێ مابوون
داد هەی دووری داد! لە دەستت فەریاد!
ئاخ دووروڵاتی! وەی ڕەنجی بەرباد!

چەند ڕۆژێ ڕابرد، ئیتر بە جارێ
ڕووناک بوو کە تا باران نەبارێ
تێکەڵاو نابێ گۆلاو لەگەڵ چۆم
قرژاڵ و ماسی ناچنەوە ناو گۆم
ئاخری ڕۆژێکیان دەعبای نێو گۆلاو
بە دڵێکی کەیل و هەناوی سووتاو
بۆ ڕا و مەسڵەحەت کۆبوونەو پێکەو
گوتیان و گوتیان ڕۆژێک هەتا شەو
نەهایەت تێکڕا سوێندیان خوارد، گوتیان:
«قەسەم بە هاژە و گرمەی هەڵدێران
قەسەم بەو ئاوی وێنەی بلوورە
قەسەم بەو چۆمەی وا لێمان دوورە
قەسەم بەو کانییەی سەرچاوەی ئاوە
قەسەم بەو گۆمەی دڵ بۆی سووتاوە
قەسەم بە زیخی ئەڵماسی خۆرین
بە هاڕەی تۆفان، چۆمی کەفچڕین
ڕوو وەرناگێڕین لەو ئاوە تا هەین
یادی ئەو چۆمە لە دڵ دەرناکەین
تا ڕۆژی تۆفان چاوەڕێی وەسڵین
ئێمە فەرعین و قوربانی ئەسڵین

یا دەمرین بە سەد تاسە و ئاواتەو
یا تۆفان لە نێو چۆممان دەخاتەو
بەهار ڕابرد و باران نەباری
هاوین هات و خۆر بە تیشکی کاری
هەناوی عەرزی هێندەی تر سووتاند
گژ و گیای وشکاند ، دەشتی پڕووزاند
ئاوی چۆمەکە پتر وشکەو بوو
ئاوی گۆلەکەش هێندەی تر داچوو
ڕۆژی ڕەشتر هات بۆ دەعبای گۆلاو
داغی نوێ درا لە جەرگی سووتاو
کە پاییز هات و هاوین تەواو بوو
لە بن گۆلاوا دوو بست ئاو مابوو
پاییزیش ڕۆیی و زستان هاتە پێش
دەعبای نێو گۆلاو کەوتنە ئەندێش
کڕێوەی دادا بە بەفری بەفرانبار
دایپۆشی کێو و مێرگ و دەشت و دار
دەعبای نێو گۆلاو ڕۆژێک بەیانی
لە خەو ڕاستەو بوون بە پەرێشانی
دیتیان گۆلەکە لە هەر چوار لاوە
بە توێژێک سەهۆڵ دەورە دراوە

ڕۆژێکیش ڕابرد، سەهۆڵ پانتر بوو
سایەقە و سەرما بۆئەمانتر بوو
دەعباکان دیتیان دوو ڕۆژ ڕابری
سەهۆڵ بە جاری گۆلاو دادەگری
هەڵڵا بەرزەو بوو لە ماسی و قرژاڵ
یاخودا ئاواتی کەس نەبی بەتاڵ
ئەوان ئەو ڕۆژەی لە چۆم هەڵبڕان
وا بە تەما بوون پاش ڕۆژێک جێامان
سەر لە نوێ تۆفان سەر هەڵدەداتەوە
لەگەڵ چۆم و گۆم یەکێکیان دەخاتەوە
بەڵام ئاواتیان وا زوو پێک نەهات
ساڵ بەو سەر گەیشت، زستان هات هەیهات!
هەر لە نێو گۆلا چاو لە ئاسمانن
دڵ پڕ ئاوات و سووتەی هیجرانن
بانیان سەهۆڵە و ژێریان قوڕی سوور
چاویان چاوەڕوان وەسڵێکی زۆر دوور
بەڵام ماسییەکان جێیان هەر ئاوە
لە ئاو جیا ببنەو کاریان تەواوە
لە پێشینانەو ئەم پەندە ماوە:
«ماسی لەگەڵ ئاو مارەی بڕاوە»

بەڵام قرژاڵی پێست ڕەقی بەردین
کە ئەم وەزعەی دی وەرگەڕا لە دین
هەزار خاڵی ڕەش کەوتە خەیاڵی
خۆ خۆشەویستی شکاندی باڵی
بەم فکرە گەیشت ئاخری ڕۆژێکیان
«تاکەی دانیشم بە هەوای تۆفان؟!
بابە وەڵڵاهی نەمزانی کەر بووم
بە ئاواتی پووچ وا دەربەدەر بووم
ئەم ئەقڵەی ئێستام گەر جاران بایە
ئەگەر دوو دنیا ئاوری گرتایە
قەت هاواڵەتی ماسیم نەدەکرد
سەجدەی خۆڕاییم بۆ ئاو نەدەبرد
من چی و ماسی چی؟ من کێم، ئاو کێیە؟
خۆ بەوان بەستن کاری بێجێیە
وەڵڵاهی دەردم لەم گۆلە تەنگە
لێرە قەتیس بوون بۆ قرژاڵ نەنگە
لە بیر دەردەکەم هەم ئاو هەم ماسی
هەزار جار لەعنەت لە خراپ و خاسی!»
قرژاڵ ئەمەی گوت ڕووی کردە ڕێگا
بەڵام ماسییەکان بە پۆل دەوریان دا

زانیان کە قرژاڵ ڕووی وەرگێڕاوە
هەر یەک بە لەونێک دڵخۆشی داوە
نەسیحەتیان کرد دوو ڕۆژ و دوو شەو
لە خۆیان تاڵ کرد هەم خۆراک هەم خەو
بەڵام قرژاڵی بێوەفای پڕ کین
وەها لایدابوو لە ئیمان و دین
کە ئەم قسانەی لا وەک با وابوو
لەسەر قسەی خۆی یێک پا وێستابوو
ماسییەکان دیسانوەدەنگ هاتن لێی
قسەی ئاخریان وا ڕاگەیاند پێی:
«قرژاڵ ئەی قرژاڵ تف لە شەیتان کە!
پشت لە وشکایی و ڕوو لە تۆفان کە!
ئاخر ئێمە و تۆ دۆستی گیانیی بووین
قەولمان دا یێک بین هەتاکوو زیندووین
شەرتی پیاوەتی چۆن دەبێ وا بێ؟
دۆست دەبێ دۆستی ڕۆژی بەڵا بێ
لەم ڕۆژە سەختە پشت مەکە لێمان
لە ڕێی پەیمانی وا داوتە پێمان
دایم حازر بە بۆ کفن پۆشان
خۆت مەبە ڕیزی نامووس فرۆشان»

قرژاڵ ئەمەی بیست چاوی نا سەر یێک
سووکێک ڕاچەنی و پەڕیە سەر بەردێک
سەری ڕاوەشاند ئاخێکی دەردا
گوتی:«ماسیگەل، مردم لە دەردا
تاکەی خەم خواردن خوێن بە شانەوە
تاکەی خەوبینین بە تۆفانەوە؟
تۆفان درۆیە، وەڵڵا درۆیە!
تۆفانی نووحیش بیللا درۆیە!
ئەوەش جارێک بوو بۆ بەدبەختیی مە
تۆفان هات ئێمەی خستە ئەم خەمە
بمێنم لە قەید عەهد و قەرارا
چاوم کوێر دەبێ لە ئینتیزارا
ئەی پۆلی ماسی وازم لێ بێنن
من لە ئێوە نیم، بۆچ دەمخنکێنن؟
حاشا و سەد حاشا! دەڕۆم بەند نابم!
چۆن دەشێ لەگەڵ ئێوە هاوتا بم؟
ئەمن قرژاڵم، پێتان وایە چیم؟
خۆ مەحکووم بە مەرگ لەگەڵ ئێوە نیم!
حاشا لە چۆمیش، حاشا لە ئاویش!!
دەچمە وشکایی و دەژیم بە بێ خەم
من چی و تۆفان و فرتێنەی ناو چەم؟!»

قرژاڵ کەوتە ڕێ لە گۆل بێتە دەر
بەردەکەی بان گۆل دەستی هێنا بەر
گوتی:« ئەی قرژاڵ خەیاڵت خاوە
نە چۆم لە تۆفان بەشی بڕاوە
نە ئەم زستانەش دایم دەمێنێ
نە ئەم سەهۆڵەش بەرگە دەهێنێ
واریسی زستان فەسڵی گوڵانە
پاش سەهۆڵبەندان نۆرەی تۆفانە
ئەی قرژاڵ ئەمن دنیام زۆر دیوە
تیری سەد کەوان لە دڵم چەقیوە
وا سووک مەڕوانە لەم دەشت و دۆڵە
زاهیر دەبینی و پێتوایە چۆڵە
بەڵام چۆڵ نییە ئەم دەشتە پانە
ئەم دۆڵە لانکەی هەزار تۆفانە
زستانی ئەمساڵ زۆر سارد و بەد بوو
بەڵام بەفریشی قورس و بێحەد بوو
ئەگەر کوێر نیت و چاوت دەکا کار
سەرێک هەڵێنە و بڕوانە کۆسار
بڕوانە نووچکەی کوێستانی بەفرین
وا دایدەپۆشێ هەورێکی پڕ قین

کە تینی کێشا هەوری کوێستانی
دنیا بە بەفراو دەبێ تۆفانی
قرژاڵ جا ئێستا خۆت و ویجدانت
گەر بە ئیمانی، خۆت و ئیمانت
ئەگەر دەمێنی بمێنە وەک پیاو!
خۆ ئەگەر دەڕۆی کەوشەکەت بان چاو»
قرژاڵ بە سووکێک وەڵامی داوە:
«بۆ من مەنێنەو ئەم تەڵە و داوە!
لەم تاریخەوە من دەعبای وشکیم!
ئەمن قرژاڵم، پێتان وایە چیم؟!»
ئاو تا ئەم کاتە بێدەنگ وەستابوو
لە واتەی قرژاڵ سەری سوڕ مابوو
کە قرژاڵ ویستی لە گۆلا بڕوا
ئاو بەرۆکی گرت، گوتی:«بێوەفا!
تۆ بە هێزی من بوویت و خوڵقاوی
هەموو دەتناسن وەک دەعبای ئاوی
چی قەوما ئێستا لێم ڕووگەردانی
حاشام لێدەکەی ئەی دۆستی گیانی؟
لێت ناپاڕێمەوە چونکە تۆش نەبی
ئەمن هەر ئاوم بێ زیاد و کەمی

بەسەر کێوانەو کلیلەی بەفرم
من ئۆقیانووسم، چۆماوم، بەحرم
دەبم بە هەور و دێمە ڕووی ئاسمان
جارجاریش وەک تەم دەگرم ئاسۆگان
برووسکەی چاوم وەک تیغی ئەڵماس
گرمەی گۆپاڵم گەردوون دەکا کاس
دەبم بە سێڵاو کەف هەڵدەچێنم
هەزار داری کۆن لە بن دەردێنم
لەسەر گەڵای گوڵ قەترەی ئاونگم
بۆ گوڵ لە دڕکان دەساوم سنگم
هەرکەس ونی کرد قیبلەی دڵداری
وە یا لێی نیشێ تۆزی خەمباری
دێتە سەرکانی و وەک مەحرەمی ڕاز
پێم دەڵێ ڕازی و دەخوازێ نیاز
ئەگەر من نەبم دەوشکێ کانی
دەڕوا لە دنیا شۆخی و جوانی
تینووشکێنی ڕێبواری ماندووم
قەت نافەوتێم و دەبم و هەم و بووم
هەرچەندە ئێستا لە گۆلا ماوم
بەڵام بە ئاوی چۆمەو نووساوم

چـــــۆمیش لـــــه ســـــەدهـــــا كـــــانی خولـّـــقاوه
ســـــەرچـــاوەی كـــانیش هـــــەوری پـــڕ ئـــاوه
هـــــەوریــــش لـــــه بـــــەحـــــرەو ئـــاوی هێنـــاوه
ئـــــەگـــــەر ئـــاو نـــــەبـــێ دنیـــــا ســـــووتاوه
لێـــــت ناپاڕێمـــــەو، قـــــرژاڵ تـــــۆش نـــــەبی
ئـــــەمـــــن هـــــەر ئـــاوم بـــێ زیـــــاد و كـــــەمـــی
بـــــۆ خـــــاتری تۆیـــــه داد و فریـــــادم
ئـــــەتـــــۆش یـــــەكێكـــــی وەكـــــوو ئـــــەولادم
لـــــەســـــەر ســـــینگی خـــــۆم بـــــەخێـــوم كـــــردووی
بـــــه خـــــوێنی قـــــەلـــــبم بوویـــــت و بـــــەڕێچـــــووی
ئێســـــتا دەتبیـــــنم بـــــۆ كـــــەیـــــف و خۆشـــــی
لـــــەبـــــەر عـــــەیشـــــی خـــــۆت نـــــامووس دەفرۆشـــــی
لاده ئـــــەی قـــــرژاڵ لـــــه ڕێـــــی ناپیـــــاوی!
مـــــەهێڵـــــه بـــــبی ویجـــــدان لـــــەكـــــاوی!
لـــــه گـــــۆلا بمـــــره وەك پـــــۆلی ماســـــی
بـــــەلـّـــام لـــــه ویجـــــدان قـــــەت مـــــەبـــــه عاســـــی!»
قـــــرژاڵ بـــــه قســـــەی ئـــــاو بـــــڕێک عـــــەبـــــەســـــا
ڕەنگێکـــــی بـــــرد و ڕەنگێکـــــی هێنـــــا
ســـــەری هـــــەلـــّـهێنا بـــــۆ لای ســـــەتحـــــی ئـــاو
دی ئـــــەوا ســـــەهـــــۆڵ دایـــــدەگـــــرێ تـــــەواو

تەنیا کونێکی چکۆڵەی ماوە
هێشتا هەر ئاوە و جڕی نەداوە
کە ئەم حاڵەی دی لە خۆی دا تەکان
لە گۆل دەرپەڕی وەک تیر لە کەوان
پەڕیە سەر بەردێ زۆر بە چالاکی
دەنگی هەڵێنا زۆر بە بێ باکی
گوتی: بەسیەتی خۆ ماندوو کردن
بۆ قرژاڵ نابێ بە فیڕۆ مردن!
ماسی و من تەنیا خودامان یێکە
تێکەڵاو بوونمان کاری ناڕێکە
ماسی جیا لە ئاو ناژی لە جێی تر
عومری بە بێ ئاو دەگا بە ئاخر
ئەمن لە ویشکیش دەژیم وەک نێو ئاو
بۆ هەموو دەورێ ئامادەم تەواو
ماسی بە تەنیا ڕەوتێک دەزانێ
هەر بۆ پێش دەڕوا و بۆ پێش دەڕوانێ
خۆ من دوو ڕەوتم، زانا و دوورئەندێش
بە دوو سەر دەڕۆم: بۆ پاش و بۆ پێش
منم خاوەنی دوو ئەسڵ و نەسەب
«زووحەیاتەین»م بە واتەی عەڕەب

خـــۆ مـــن ماســـی نـــیم قـــەتیســـی ئـــاو بم
دایم دانیشـــــتووی تـــــەرکـــــی گـــــۆلاو بم!
ئـــەی ئـــاو بێهـــوودە خـــۆت هـــەڵـــمەکێشـــە
زســـتانی ســـارد و ســـەختـــت لـــە پێشـــە
ئـــەوا ســـەهۆڵـــی و قـــەتیســـی گـــۆلاو
پێـــت دەڵـــێن ســـەهـــۆڵ، کـــەس پێـــت ناڵـــێ ئـــاو
ئـــەگـــەر تـــۆ ئـــاوی فـــەرمـــوو ببـــزوێ
لـــە بـــەســـتێنی چـــۆم بـــۆ وا مـــاوی جـــوێ؟
بـــۆچ وا دامـــاوی لـــە تـــەرکـــی گـــۆلا؟
بـــێ ســـەر و شـــوێنی لـــە دەشـــت و چـــۆلا؟
بڕوانـــە چیـــت و چـــت لـــێقـــەومـــاوە
گیانـــت بـــە عـــەرزەو وا جـــڕی داوە
کـــە جـــارێکی تـــر ئیتـــر مـــەحاڵـــە
ببیـــەو بـــە ئـــاو و دەرچـــی لـــەم حاڵـــە
ئـــەوا مـــن ڕۆیـــیم دەرچـــووم لـــەم حاڵـــە
ڕزگـــار بـــووم لـــە دەســـت ئـــەم ژینـــە تاڵـــە
حاشـــا لـــە ئـــاو و حاشـــێ لـــە ماســـی!
شـــەرتـــە تـــا دەژیم قـــەت نـــەکـــەم باســـی!
دەژیم لـــــەمـــــەولا دوور لـــــەم شـــــتانە
خـــۆ دنیـــا ئـــاخری مـــەرگ و فـــەوتانـــە

کـــــه وابـــــوو دوو ڕۆژ عـــــومری کۆتـــــای خـــــۆم
بـــــۆچ وا خـــــەســـــار کـــــەم بـــــە ئـــــاواتی چـــــۆم؟
دەژیم لـــــەمـــــەولا لـــــە چۆمـــــاو بـــــەدەر
دەژیم ئاســـــوودە و بـــــە بـــــێ دەردی ســـــەر
بـــــژی کـــــەورگ و بـــــن بـــــەردی تاریـــــک!
پاڵـــــکەوتـــــن لـــــە نـــــاو کـــــونێکی باریـــــک!
قـــــرژاڵ کـــــەوتـــــە ڕێ و پشـــــتی کـــــردە گـــــۆل
تفـــــی کـــــرد لـــــە چـــــۆم، ڕووی کـــــردە لای چـــــۆل
ڕێگـــــای گرتـــــە بـــــەر، ڕۆیـــــی و دوور کـــــەوتـــــەو
بـــــێوچـــــان ڕۆیـــــی، ڕۆژێـــــک هـــــەتـــــا شـــــەو
شـــــەو لـــــە بـــــن بـــــەردێ بـــــەیتووتـــــەی بـــــۆ کـــــرد
بـــــەڵـــــام برســـــییەتی شاڵـــــاوی بـــــۆ بـــــرد
زۆر مڵـــــومۆی کـــــرد هیچـــــی دەســـــت نـــــەکـــــەوت
گـــــەلـــــێ هـــــەوڵـــــی دا خـــــۆی پـــــێنـــــەبـــــوو زەوت
لـــــە دەشـــــتا بـــــەفـــــر و ســـــەهۆڵـــــبەندانـــــە
لـــــە لانـــــا ســـــەرمـــــا و قـــــاتی و قڕانـــــە
لـــــە جۆشـــــی نـــــەوســـــی شـــــەو تـــــا بـــــەیـــــانی
لـــــە کـــــونی هێلانـــــە و لـــــە دەشـــــت دەیـــــڕوانی
کاتێـــــک کـــــە بـــــەربـــــوو بـــــەری بـــــەیـــــانی
قرژاڵـــــی برســـــی بـــــەجێیهێشـــــت لانی

بۆ پارووە نانێک کەوتە ملۆمۆ
بە نێوان بەفرا دەیکرد هات و چۆ
گەییە بەر کونێک وەستا لە خۆوە
گۆیا بۆنێکی هاتە کەپۆوە
بە بێئیختیار خۆی لە کون ڕۆکرد
کەلاکێکی دی و شالاوی بۆ برد
ئەمە کەلاکی مشکی تۆپیو بوو
قرژاڵ لە خۆشیان هۆشی لە خۆی چوو
چنگی تێچەقاند، دەندووکی تێژاند
بە یەکەم قەپاڵ لاقێکی قرتاند
نەختێکی دەخوارد، شوکرێکی دەبژارد
هەزار جنێوی بۆ ماسی و ئاو نارد:
«خودا ڕەحمی کرد دوور کەوتم لێیان
یاخودا لەعنەت بێ لە نێر و مێیان
ئەمن قرژاڵم، تاق و بێ هاوتام
بریا بەم ڕەمزە زووتر زانیبام
دەخۆم، دەگەڕێم، دەنووم بە نۆرە
مشکی تۆپیویش لەم دەشتە زۆرە
ژیانم خۆشە و کارم تەبایە
ئەسڵەن نازانم دەوری کام شایە»

قرژاڵ مشکێکی تەواو هەڵلووشی
دەندووکی ئاژنی بە دوو چڵ پووشی
پاڵی لێداوە و دوو قرپێنەی دا
کەم کەم ئیشتیای ئاوی هەڵستا
تینووەتی پاش نان زۆری بۆ هێنا
لە کون دەرکەوت و ڕووی کردە سەحرا
بۆ بەفر خواردن دەندووکی کردەو
بەڵام بەفرەکە هەڵهات لەبەر ئەو
هەر قرژاڵ ڕۆیی و بەفر کشاوە
خولاسە قرژاڵ سەرگەردان ماوە
بڕێک بیری کرد گێژ بوو بە جارێ
گەلێک تێکۆشا و پێی نەکرا کارێ
ئاوری تینووەتی تەنگی پێ توند کرد
ئاخری ئیحتیاج بۆ لای چۆمی برد
گەییە سەر چۆم و دەمی بۆ ئاو برد
بەڵام هەر چەندەی کۆشا و جەهدی کرد
دەندووکەکەی پێ نەکرا بە ئاوا
چونکە ئاوەکە هەر لە نەکاوا
ببوو بە بەردێک، بەردی سماتە
یانی بۆ قرژاڵ ئیتر ئاو قاتە

قــرژاڵ هــەر كــوێ چــوو ئــاو بــۆی بــوو بــە بــەرد
ســـــواری كۆڵــــــی بــــــوو كێـــــوی خــــــەم و دەرد
هــــــەتــــــا ئێـــــوارە ئــــــاوارەی ئــــــاو بــــــوو
ڕۆژی دووەمــــــــــــی ئــــــــاوا تــــــــــەواو بــــــــوو
شــــەوی دووەمــــــی خــــــەو هــــــەر نــــــەیـــــبردەو
هــــــەتــــــا بـــــــەیــــــانی بــــــیری دەكـــــــەردەو
بــــــەیـــــانی زۆر زوو لــــــە كــــــون هاتـــــــە دەر
هــــــەر وا بـــــــە برســــــی ڕێگـــــــای گرتـــــــە بــــــەر
هاتـــــەو بــــۆ ســــەر چـــۆم بــۆ تۆزقاڵـــێک ئـــــاو
بــــــەڵــــــام كـــــە ڕوانی تــــــا بــــڕ دەكـــــا چـــــاو
ئــــــاوی چۆمــــــەكــــــە هــــــەر بــــــەردە و بــــــەردە
لــــــە دڵــــــیا گـــــــوتی:«ئــــــاو زۆر نامــــــــەردە!
بــــــۆچ بــــــە تینــــــوەتی دەمكــــــوژی ئــــــەی ئــــــاو!
خۆتـــــــۆ بــــــــە چــــــاكی دەرتكـــــــردووە نــــــاو»
چـــــــــــۆم دەنگــــــــــی داوە و دۆڵ زرینگــــــــــاوە
شــــــاخە بــــــەرزەكـــــــان ئــــــەم دەنگــــــەی داوە:
«قـــــــــرژاڵ لێـــــــــرەدا تـــــــــەواوە كـــــــــارت
قومێــــــــک ئــــــــاو ئیتــــــــر ناتكێتــــــــــە زارت
مــــــن چـــــــۆمم، كـــــانیم، بــــــەفــــــرم، بــــــارانم
مــــــن ئۆقیانووســــــــم، بــــــەحــــــرم، عوممـــــــانم

مژم، ئاونگم، هەوری بەهاریم
لە دەم سەدەف دا دەنکی مرواریم
مەزرای ئارەزوو بە من پاراوە
دنیا چوار بەشان سێ بەشی ئاوە
بەڵام تنوکێک بۆ تۆ حەرامە
ئەمەش قانوونی بیر و مەرامە
حاشاکەی دوێنێت ئەی کاکی قرژاڵ
تکای ئەورۆکەت پاک دەکا بەتاڵ
کاتی تەنگانە تۆ دەمفرۆشی
ئێستاش تەماتە ئاوم بنۆشی؟!
چۆنت فرێدام، وا فڕێت دەدەم
بەو دارەی لێت دام، هەر بەو لێت دەدەم!»
قرژاڵ تێگەیی بێ سوودە هەوڵی
لە ترسی گیانی کێچ کەوتە کەوڵی
تینوو و پەرێشان بۆ کون گەڕاوە
زۆر بە ماندوویی پاڵی لێ داوە
چەند کەلاکی مشک لەم بەر، لەو بەری
قاسیدی ئەجەل لە بانی سەری
چەند ڕۆژێک هات و چەند شەوێ ڕابرد
بەفر هێندەی تر کوێستانی پڕ کرد

ڕۆژێک لە ڕۆژان بەری بەیانی
ڕۆژی بەرزەو کرد کێو لەسەر شانی
خاتوو زەمهەریر ئاسمانی ماڵی
ڕێک بوو ڕاستایی و پڕ بۆوە چاڵی
ڕۆژ گەشا لە نێو سەمای بێگەردا
کێوی کۆڵنجدار عارەقەی دەردا
لێفەی خووساند و ئاوی لێهەڵنیشت
لافاو بەرزەو بوو لە هەر چوار تەنیشت
گورزی برووسکەی هەوری بەهاری
تاجی سەهۆڵی شای سەرمای هاڕی
لە هەر شیواوێ دەرچوو لافاوێ
جەیحوونێ هەستا لە هەر دەراوێ
هەزاران گابەرد سێڵاو تلاندی
هەزار پیرەدار تۆفان شکاندی
چۆم هەرد و ماسی و کەفی هەڵدەچاند
با دەیناڵاند و تۆفان دەیگرماند
پاش شەو و ڕۆژێک دنیا بوو بە ئاو
هەمووی هەر ئاو بوو تا بڕ بکا چاو
گۆلی دوورکەوتەش تێکەڵ بوو بە چۆم
دەعبای خەڵکی گۆم چوونەو بۆ ناو گۆم

ئەوا لە چۆما شایی و لۆغانە
یە یەک شاد بوونە و لە یەک هاڵانە
بەردی بان گۆلاو چواردەوری ئاوە
لە نێو تۆفانا وەک کێو وەستاوە
هەردەم شەپۆلێ دەستەملانیەتی
هەر کاتەی پۆلێ بە میوانیەتی
تۆفان بە وێنەی کەیبانووی ماڵی
گەسکێکی هەڵگرت بەستێنی ماڵی
ئاوماڵک و پشکەڵ، گژ و گیای ڕزیو
پاکی ئاو بردی بۆ دنیای ئەودیو
بەسەر ئاوەوە کەلاکێک دیار بوو
ئەمەش قرژاڵی پەستی بەدکار بوو
لە چواردەورەی وی چەند مشکی تۆپیو
سێڵاو دەیبردن بۆ دنیای ئەودیو

قسەی هونەر:

**گەر قرژاڵ نەبا قسەی خۆمانە**
**لە کوێ بۆم دەهات ئەم شێعرە جوانە؟**
**هەر لەبەر ئەمەش مەمنوونتم قرژاڵ!**
**بەڵام سەد جارم خۆشتر دەبوو حاڵ**
**گەر تۆ یەک ڕەوت و یەک ژین بوایەی**
**تا سەر لەگەڵ ئاو یەکدڵ بمایەی**
**با ئەم شێعرەی من هەر نەخولقایە**
**با تۆش بە «دوو سەر» نێوت نەبوایە.**

- **سەرچاوە: لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، دوکتور مارف خەزنەدار، بەغدا 1984**

- **زووحەیاتەین**(ذ وحیــــا تـیـن)**: خاوەنی دوو ژیان، بە گیانلەبەرێك دەگوترێ کە دەتوانێ هەم لە ویشکایی و هەم لە ئاودا بژی.**